# مرۆڤ مرۆڤە، پنجی گیا نییە



ئەگەرچی مرۆڤ خۆی فشاری کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤی دیکە دەهێنێت، بەڵام، منداڵی مرۆڤەکان باجەکەی دەدەن.

کۆمەڵگە دادگایەکی نافەرمی هەیە، لە ڕێگەیەوە حوکم بەسەر ئەندامەکانیدا دەسەپێنێت، ئەو کەسەی لە ڕێگەی ڕاستی داب ونەریتی باو لابدات، بە لادەر لەقەڵەم دەدرێت و توندترین سزای بەسەر دا دەسەپێنرێت، لە کۆمەڵگە تورِ هەڵدەدرێت.. چەندین ناو و ناتۆرەی بۆ دادەتاشرێت..

تا ئێرە(لەوانەیە) ئەمە مافی هەر کۆمەڵگەیەک بێت بۆ پاراستنی مانەوە و بەردەوامی خۆی، بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕوودەدات، زۆر لەوە ترسناک و توندوتیژترە، ئێمە واوەتر دەچین، بەوە ناوەستین سزای کەسی لادەر بدەین، بەڵکو بڕیار بۆ دوارِۆژی نەوەکانیشی دەدەین.. بەبێ ئەوەی تاوانیان هەبێت پەتی سێدارەی کۆمەڵایەتیان بۆ هەڵدەواسین.

چیرۆکی قوربانییەکی کۆمەڵگە دەگێڕمەوە:*

(پەیمان) تەمەنی(٢١ساڵ) بوو، سێ خوشک و براشی هەبوو، ئەو کاتەی کە دایک و باوکی لەیەکتر جیا بوونەوە، پاشان دایکی بۆ خاتری دابینکردنی خەرجی خۆی و منداڵەکانی،(پەیمان)ی بە زۆر بەشوو داو شیربابییەکەی خوارد..

بەڵام:(دایک جیهازی کچە) و(گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە) و چەندین پێشبینی و ناو ناتۆرە کەوتنە دوای(پەیمان)ی تازە بووک، خێرا کۆمەڵگە بڕیاری دا(ئەم کچە لەدایکی باشتر نابێت)(دارا)ی هاوسەریشی تواناى ئەوەی نەبوو خۆی لەژێر فشاری کۆمەڵایەتی و قسەی خەڵکی دەرباز بکات، بۆیە بوو بە دڕندەیەک کە زمانی لێکحاڵیبوونی لێدان و زیندانیکردن و دەڵپیسی بوو...(پەیمان) بەرگەی ئەم بارەی نەگرت، تەنانەت کۆرپەی یەکەمی بە(٩مانگی)بەجێهێشت و زیز بوو، کەچی دوای مانگێک و بەزەبری بەڵێنی نەرم نواندن و قسەی خۆش گەڕاوە، تا ماوەیەک بە ئارامی ژیانیان بەسەربرد، منداڵێکی دیکەشیان بوو...

بەڵام مخابن، بۆچی مرۆڤ چ هێزێکی هەیە بۆ ئەوەی بە تەنیا بەرەنگاری حوکمی نارەوای کۆمەڵگا ببێتەوە...(پەیمان) ئەو مرۆڤە بوو کە زۆر زووتر حوکمی بەسەردا سەپێنرابوو، ئەمجارەیان دوای(٥ساڵ)ی دیکە لە شەق و تێهەڵدان، نەیتوانی چیتر بەرگە بگرێت... ڕووی کردە دادگا و داوای جیابوونەوەی کرد، کەچی(دارا) ئامادە نەبوو تەڵاقی بدات، ئەویش بەخۆی نەوەستا وهاواری کرد: من تۆم خۆشناوێ... منداڵەکانیشم ناوێ.. پیاوێکی دیکەم خۆشدەوێ ولەتۆ جیادەبمەوە..

لێرەدا...(دارا)هیچی بۆ نەمایەوە، تەڵاقی دا.

ڕێز نەگرتن وتوندوتیژی و شەق و زللە و زیندانی خۆشەویستی منداڵەکانی لەدڵی ئەو ژنە ڕاکێشا، کە باوکیشیان بەزەیی میهرەبانی بەرامبەریان نەبوو، ئیدی ئەو دوو منداڵە لەسەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەش بوون.. بەڵام ئایا ئەم ڕووداوە ودەیانی دیکەش بۆ هەڵەی دایک و باوک بە تەنیا دەگەڕێتەوە؟ یان دەستی ئێمەش(وەکو کۆمەڵگە)ی تێدایە؟

ئەمە پرسیارێکە ڕووبەڕووی ویژدانی هەمووومان دەبێتەوە بەتایبەتی کە(پەیمان) کچێکی بەجێهێشتووە لەوانەیە لە ئێستاوە سیناریۆی دوارِۆژی، بەبێ ویستی خۆی بۆ دارِێژرێت چونکە لەبەرچاوی ئێمە ئەویش هەر(گیا)یە ولەسەر (پنج)ی دایک و نەنکی دەڕوێتەوە.

*** تێبینی**

ئەم ڕووداوە ڕاستییە بەڵام ناوەکان خوازراون و هیچ پەیوەندیان بەناوە ڕاستییەکانەوە نییە.

**ئا: هەڤاڵ(سوفیا) /سلێمانی**